# گومان و چەند بڕگە لە کۆمیدی ئیلاهی

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)



دوایین هەنگاو
تەنیا مەرگە
ئیتر ڕزگار لە هەموو وشەیەک
پاڵ دەدەیەوە بە تابووتی خۆتەوە
کە چاوەڕێی هەڵفڕینە.

بانگت دەکەن
بۆ ئەوبەری هەرچی ڕەنگە
لەوێ نە سنوورێک هەیە
نە زمانێک
بەرد لە ئاو جیاکاتەوە.
ئەوەی هەیە بێدەنگییە و
پەژیوانی
لەو گشتە وشەیەی
بەتاڵان با بردبوونی

دەڵێن: ناوت چ بوو
بڵێ: ناومم لە بیر نییە
بەڵام ئادرەسی ژنێک دەزانم
هەمیشە بزەی بە ژانم دەهات.

دەڵێن: ئەدی ناوی چ بوو
بڵێ: من ناوی نازانم
بەڵام زیاتر لە بارانە دەچوو

دەڵێن: خەڵکی کام هەرێم بووی
بڵێ: من ئاوارەییم پێ باشترە لە وڵات
غەریبیم پێ چاکترە لە شار

دەربەدەریم پێ لەبارترە لە ماڵ
سەفەرم پێ خۆشترە
لە تەنیایی.

من خەڵکی ئەو کەسەم
دەستی بنێتە ناو دەستم و
بڵێ جوانیم نەزر کردی.

هەرێمی ئەمن چاوێکە
زمانی هەموو ڕێگایەک دەزانێ.

ماندوو دەبن
لەو هەمووە بێ نیشتمانییەت و دەڵێن:
بنوو تا دەرفەتێکی دیکەی تاریکی.

دوایین هەنگاو
تەنیا مەرگە
دەنا کەی بەرگەی ئەو گشتە دڕدۆنگییە دەگرین.

دڕدۆنگ لە ئاو
کە بۆ نەگەیشتە زمانێکی تینووی
ناو سەنگەر

لە نان ئەو دەمەی بەدەم باوەیە
لە کەلێکی بەفرین بە هەزار گورگەوە

لە پیاوێک
کە جیهانی لە کۆڵ ناوە بۆ سبەینێی سفرەیەک.

لە ژنێکیش
هەڕاج لەسەر شەقامەکان
ناموسی کۆن دەکڕێتەوە
بیرەوەری شکاو دەفرۆشێ

ڕێگای ون بوو هەڵدەگرێتەوە.

تەنیا ڕێگایەک دەخوازم
بۆ لەبیر چوونەوەی دڕدۆنگی
دەنا دڵنیام لە میهرەبانی بێدەنگی.

دەڵێن: بڕوات بە کام شاخە
بڵێ: من لە شاخەکان ڕادەکەم
چون گومانم هەیە لە خوێن
لە برینی وشکەوەبووی سەر ڕەوەزەکان
لە سەنگەری بەتاڵ.

دەڵێن؛ کتێبت چییە
ئەوکات دەست بکە بەگریان
بڵێ: ئیمانم بە هیچ وشەیەک نەماوە
دەنا سەردەمێک کتێبی پیرۆزی بام دەخوێندەوە
پەراوێزەکانی دارستانم دەنووسی.

بڵێ باشترین کتێب ئەو کتێبەیە
سپی سپی سپی دێڕەکانی دەبن
وەک سیمای ئەو بەندییەی دەیبەنە پای سێدارەکەی.

بڵێ: من نەتەوەیەکی بێ کتێب دەناسم
هەر ناویانم بیر چۆتەوە
تەنیا ئادرەسی کینەکانیان دەزانم
هی ئەو خەنجەرانەش کە لەیەکی دەسوون
ئەو چەکانەش نایتەقێننەوە
بە دەماری یەکەوە نەبێ

دەڵێن ماندووی لە بێدەنگیدا ڕاکشێ
تا بانگی ئاورێکی تر.

دوایین هەنگاو

تەنیا هەوایەک تاریکە
دەنا بۆ دەبوو ئینسان نەگاتە چرا
بۆ دەبوو ڕێگا سەرەنجام کۆتایی نەیە
بۆ دەبێ من ئەو هەمووە بەتاڵ بمێنمەوە
لەپاش میلوێنان وشە کە پڕ بوون
لە ژن و نیشتمان
لە خوێن و چیا.

هەوا بەرە بەرە تاریکتر دەبێ
وەک زمانی هاوڕێیەک گەیوەتە دووڕێیانی لەشت.

هەوا وردە وردە بوولێڵترە
وەک چارەنووسی کەسێک لە بەندیخانەدا
بیر دەکاتەوە
دان بە تاوانی جوانیدا نەهێنێ.

هەوا جار لەگەڵ جار ڕەشتر دەنوێنێ
وەک سبەینێی
هەموو ئەو ڕستانەی نووسیبووم و
کەس مۆمێکی تێدا دانەگیرساندن

دەڵێن: بەکام زمان بتدوێنین
تۆزێک ڕووناک بی
تێناگەین لەو گشتە برینەی دەیانڵێی

بڵێ: بە زمانی خۆم نەبێ
ناتوانم بریندار ببم
لەولاش کەس ئاوڕی نەداوە
لە نیشتمان
کە هەمیشە برینەکانیم دەزانی

دەڵێن: دوایین هەنگاو بنێ
بچۆ ئامێزی بایەکی ئەبەدییەوە و
بنوو لەگەڵ برینەکانی خۆت.

بڵێ: لێم گەڕێن با چرایەک بڵێم و
بەدیارییەوە دابنیشم
شیعرێک بۆ فەرامۆشی وڵات بنووسم